# کۆبوونەوەی لیژنەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان




لەبەر رۆشنایی کۆبوونەوەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەمەڕ رەشەکوژی ژنان وئافرەتان و دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆ ئەم دیاردەیە ئەمڕۆ دووەمین کۆبوونەوە بەسەرپەرشتی د.شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ سەرۆکی لێژنەکە لەدیوانی وەزارەت بەڕێوەچوو کە تیایدا جگە لە نوێنەری وەزارەتی داد هەریەك لە جورج مەنسور وەزیری هەرێم بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی و د.جنان قاسم وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان و نوێنەری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و ناوخۆ ئامادەیبوون.

لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆ  نوێنەری هەردوو وەزارەتی ئەوقاف و ناوخۆ دوو راپۆرتی تێروتەسەلیان لەسەر چالاکی کارەکانی خۆیان ئامادەکردبوو و بەپێی ئامارەکانی کە خستیانە بەردەم ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە وادەردەکەوێ کە ئەم دیاردەیە روو لەکەمبوونەوەیە و ئەو ئیجرائاتە یاساییانەو ئەو هەڵمەتە راگەیاندنانەی کە لەمبوارەدا دەکرێت کاریگەری لەسەر ئەم مەسەلەیە هەبووبێت...

هەر لەهەڵمەتی بەرپەرچدانەوەی ئەم کارە دزێوە وەزارەتی ناوخۆ بڕیاریداوە بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دابنرێ بۆ بەدواداچوون و لێپێچینەوە لەو تاوانانەی کە دەکرێ دەرهەق بە ژنان.

لەم کۆبوونەوەیەدا ئاماژەش بەڕۆڵی پیاوانی ئاینی درا کەلەم ماوەی دواییدا توانیویانە لەرێگای کاری دینداری خۆیانەوە حەقیقەتی ئەم مەسەلەیە باسبکەن کە ئاینی ئیسلام لە کوشتنی ژنان بێبەرییەو تاوانێکە دژی فەرمایشتەکانی خودا دەکرێ.

لەلایەکی دیکەی لەم کۆبوونەوەیەدا وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان داوایکرد کە لێژنەیەکی پسپۆر دابنرێ بۆ دەستنیشانکردنی چۆنیەتی سوتان لەو شوێنەی کە تاوانەکەی لێ ئەنجامدەدرێ.

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنیەت-یش رایگەیاند کەلەم دواییانەدا لەگەڵ نوێنەری (84) رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژمارەیەك لەدەزگا راگەیاندنەکانی سلێمانی و هەولێر کۆبوونەتەوە و تەوەری سەرەکی لەم کۆبوونەوانەدا کارکردن بوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان...

شایانی باسە ئەم کۆبوونەوە دوو سەعاتی خایاند وابڕیارە هەر (3)مانگ جارێك سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران راپۆرتی ئەم لێژنەیە تاوتوێ بکات و بەدواداچوونی بۆ بکات.